# شکستی یەکگرتووی ئیسلامیی پێویستی بە هەستانەوە هەیە

**کاردۆ خۆشناو**

بۆچی ئیسلامییەکان شکستیان هێنا ؟ بۆچی یەکگرتووی ئیسلامیی بەپێی پێویست نەیتوانی ژیرانە و ئاقلانە مامەڵە لەسیاسەتەکانی بکات ؟ چوونی لیستێکی شکست خواردوو بەناوی موعارەزە بۆنێو پەرلەمان تاچەندە لەتوانای دا دەبێت پاساو بۆ شکستە پەنگخواردووەکەی بهێنێتەوە و لەهەمان کاتیش تیماری زامی شکستەکەی بکات..!!؟؟ ئەم پرسیارە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە و دەبێت سەرکردایەتی یەکگرتوو و کۆمەڵ خوێندنەوەیان بۆی هەبێت و پێداچوونەوەیەك بەو هەموو هەڵە زەق و لەبەرچاوە بکەن و بیکەن بەپەند و عیبرەتێك بۆئەوەی جارێکی تر بەسەری دانەچنەوە و دەرس و ئامۆژگاری لێوەربگرن..

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان کارەساتێك بوو دەرهەق بە ئیسلامییەکان بەتایبەتی تر بۆ حیزبێکی میانەرەوی وەك یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە لەمیانەیدا دووچاری گەورەترین شکست بۆوە کە رۆژێك لەرۆژان بیرو خەیاڵی بەلای ئەو شکستە مێژووییەدا نەچووە، ئەگەرچی سەرکردایەتی یەکگرتوو ئەم خەسارەتمەندییە بە شکست دانانێت و وای بۆدەچێت کە هەڵبژاردنە و دۆران و سەرکەوتنی بەدواوەیە، بەلام لەهەقیقەتدا لەدەستدانی جەماوەرێکی زۆربوو بۆ ئەو پارتە کەسێیەم هێزی ئەم کوردستانەیە، بەر لەهەڵبژاردنەکانیش خیتابێکی موەحەد و مەرکەزیەت لەلایەن سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەدی نەدەکرا کە هەر ئەندامە و بە ئارەزووی خۆی لێدوانی سەیر وسەمەرەی بەدەستەوەدەدا، وەکو ئەمینداری گشتی یەکگرتوو دەیوت: ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێمە گرنگە و ژمارەی کورسیەکانمان لە ٢٥ کورسی کەمتر نابێت و بەرپرسی مەکتەبی سیاسیش بە رۆژنامەوانانی دەوت: ژمارەی کورسیەکانی ئێمە لە٣٠ کورسی کەمتر نابێت و ئەگەر خروفاتیش رووبدات ئەوا ژمارەی کورسیەکانمان دەگاتە ٢٥ کورسی..!!! کەچی سەرجەم پێشبینی و لێدوانەکانیان پێچەوانەدەرچوو و تەنها ١٣ کورسییان بۆ مایەوە کە بەداخەوە تەنها شەش کورسی بەر یەکگرتووی ئیسلامی دەکەوێت.

چەند هۆیەکی بەرچاو لەپشت شکستە بەرچاوەکەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەیە کەلەم چەند خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە.

- دیارە لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی کەلەلایەن خودی مامۆستا سەلاحەدینەوە سەرۆکایەتی دەکرا، زۆربەپەلە خۆی خزاندە نێو بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکان و نەیتوانی خیتابێکی کارا و بوێرانە بەرووی دەسەلات دابدات و، خۆدزینەوەیەك لەمیانەی گوتارەکانی بەدی دەکرا وەکو چەندین جار دووبارەکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە کەلەبەرژەوەندی لایەنی دەسەڵات دابوو و لەسەرجەم وتارەکانیشدا ئەم دێرە وتارە شەرمنە بەسەرزاری سەرکردەی چوار قەوارە سیاسییەکەدا دەهات بەتایبەتی تر بەسەرزاری خودی سەلاحەدین بەهائەدین کەبریتی بوو لەوەی ( ئێمە نالێین هیچ نەکراوە... شتی زۆر کراوە و لەپاڵ ئەوەشدا کەمتەرخەمی هەبووە..!! ) کەبێگومان ئەم جۆرە دەستەواژەیە نەدەبووایە کەسێکی حەکیم و لێهاتوو بیکردایەکە ئەویش مامۆستا سەلاحەدینە.

هەرچوار سەرکردەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵ و سۆسیالیست و ئایندە لەدووتوێی وتارەکانیاندا هەڵەی گەورەیان کرد کە نەیانتوانی جەماوەر بۆخۆیان پەلکێش بکەن، چونکە لەمیانەی چوار پێنج کەرنەڤاڵدا کەلەشارەکانی هەرێم سازیان کرد تەنها و تەنها وتاری دووبارەیان بەگوێ جەماوەرەکەیاندا دەچرپاند کەسەرجەم قسەکانیان ئێکسپایەربووبوون و شتێکی نوێیان بەدەستەوە نەدەدا.

- شکستێکی تری گەورەی یەکگرتووی ئیسلامیی بریتی بوولەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لەرێگەی چەند مەلایەك ئەنجام دا کە زۆر نەزانانە و غەشیمانە لەهەوڵ دابوو بەهیممەتی چەند مەلایەکی مێزەر سپی دەنگ بۆ لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کۆبکاتەوە، کە بەپێچەوانەوە خەڵکان و جەماوەر پێشوازییان لەو پلانە نەکرد و رق و توورەییەکیش لەنێو جەماوەردا بەدی کرا بەتایبەتی تر لەلایەن ئیسلامییە توندرەوەکانی کەلار و گەرمیان کەزۆربەیان لایەنگری کۆمەڵی ئیسلامیی بوون، چونکە شیاونییە ولەجێی خۆیدانییە بۆئەم کارە سوود لەهەوڵی مەلاکان وەربگیرێت و بۆ بانگەشە و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکار بهێنرێن، خۆ دەبووایە سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی دەرکی بەو سیاسەتە بکردایە کە دوو حیزبی عەلمانی بەشدارن لەلیستەکەدا و پێویست بەوە ناکات مەلا خۆی بخزێنێتە نێو بانگەشە و پرو پاگەندەی هەڵبژاردن، کە بەو هۆیەشەوە جەماوەری ئیسلامیی ئەم هەرێمە



لەدژی ئەو سیاسەتە سەقەتەی یەکگرتوو کە چەند مەلایەکی وەك کارتێکی ریکلامکردن بەکاردەهێنا دەنگیان بەلیستەکە نەدا و تەنانەت سەرکردایەتی یەکگرتوو کەوتە ژێر پرسیار و تێرامانی جەماوەرەکەی کە چۆن دەبێت کەسایەتی مەلا خۆی بخزێنێتە نێو پڕوپاگەندەکان و بەشاراندا بگەڕێن و بڵێن پەنجەکەت لەقیامەتدا بەسەرتەوە دەبێت بە شایەت کەدەنگت بەکام لیست و لایەن داوە...!!! مەلای مۆدێرنیش بێ خەبەر لەوەی دووحیزبی عیلمانی بەش و شەریکی دووحیزبە ئیسلامییەکەن کە رەنگە باوەڕیان بە قیامەتیش نەبێت..!! خۆ یەکگرتوو باش دەزانێت لەرابردووشدا ئەو جۆرە مەلایانە زیانیان بەبەرژەوەندییەباڵاکانی حیزب گەیاندووە، چونکە ئەوەندە تێکەڵ بەسیاسەت بوون و سیاسەتێکی لەرادەبەدەرئیفلیجیان پەیڕەو کردووە کە خەریك بووە سەری یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی وتارە شڵۆقەکانیان بخەنە قورەوە، خۆ دەبووایە سەرکردایەتی یەکگرتوو ڕێگری بکردایە لەهەوڵی مەلاکان و بۆ ئەم مەبەستەش دەبووایە چاوی لەبزوتنەوەی ئیسلامیی نەکردایە کە زۆربەی پێکهاتەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوحیزبە لە مەلاکانن و زۆربەی هەرە زۆریشیان ئاشنایەتیان بەسیاسەتەوە نییە و وەکو مەلا و شەرعناسێك سنوور بۆ شوراو سەرکردایەتی بزوتنەوە دادەنێن، یەکگرتووش ئەمجارە هەڵەی کرد و دەبێت لەئایندەدا خۆی لەوهەڵەیە بەدووربگرێت.

• لاوازی ناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەو شکستە گەورەیە، تابلێی ناوێکی ناساز و ناچالاك و ساردو سڕو بێ هێزو بێ مانابوو، گەلی کورد سەدا پەنجای بەناوی لیست هەڵدەفرێوێت و هەڵدەخەڵەتێت و پەلکێش دەکرێت چ جای ئەوەی چوار قەوارەی سیاسی کە خۆیان بە ڕکابەری لیستی کوردستانی ناودەبرد کەئەو ناوە دوور و درێژ و کەم مانایە بۆلیستەکەیان هەڵبژێرن..!! یەکگرتووی ئیسلامیی خۆی بە پارتێکی زیتەڵ و چالاك و پێشکەوتوو دەزانێت زۆربەی ئەندامانی باڵای ئەو یەکگرتووە کەسانی لیبرال و مەدەنین هیچ نەبووایە دەیانتوانی ناوێکی کورت و پوخت و سەرنجراکێش بۆ لیستەکەیان دابنێن، کەدەتوانرا بەو زیرەکیانەوە دەنگێکی لەرادەبەدەر زۆر بۆ لیستەکەیان کۆبکەنەوە.

• ئاستی کاندیدەکان، ئەمەشیان خاڵێکی تری شکستەکەی یەکگرتووی ئیسلامیی و چوار قەوارەسیاسیەکەبوو،

ئەندامانی کۆمەڵ سەرجەمیان کەسانی لاواز و کەم ئەزموونن سەرباری ئەوەش یەکگرتووی ئیسلامی جارێکی تر هەڵەیەکی بەرچاوی دووبارەکردەوە وەکو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش پەی پێ نەبرد و هەڵوەستەی لەسەر نەکرد، کە ئەمەش هۆکارێکی تر بوو جارێکی تر جەماوەر دەنگی پێنەدەن، ئەگەرچی لەهەڵبژاردنی پێشوودا کۆمەڵێك پاڵێوراوی نارده هۆڵی پەرلەمان کەکەسانی ناکامڵ و کەم ئەزموون بوون، کە بەشێکیان تەنها لەگەڵ ئەوەبوون خووی بە بودجە و پارەوەگرتبوو و بەشێکیشیان خۆی لە موناقەشە و گەرمەی قسەکان دەدزیەوە و ورتەیەکی لەدەم نەهاتە دەرەوە تەنانەت لە ئاخرین ساتی تەمەنی پەرلەماندا ئافرەتێك دەستی بەرزکردەوە کە هەست بەوەکرا ئەو ئافرەتە لەخۆشکانی یەکگرتووە و ناوەناوەش کۆکەکۆکی ئەندامێکی تر لەکاتی پشووی پەرلەمان دەبیسترا کە دەزانرا ئەویش پاڵێوراوی یەکگرتووە لەپەرلەمانی کوردستان خۆی مەڵاس داوە..!! ئەمڕۆش یەکگرتوو وەك بڵێی مافی ئافرەتی لەبەرچاوە و بەڵکو لیستەکانی تریش چاوی لێبکەن چەند ئافرەتێکی کەم ئەزموون و ناشارەزا و نا وریا رەوانەی پەرلەمان دەکات کەسوودێك بە یەکگرتوو ناگەیەنن و، لەوەرگرتنی مووچە و بودجە زیاتر هیچی تر بۆ حیزبەکەیان بەدیاری ناهێننەوە وەکو خۆنەخزاندنە نێو بابەتەکان و نەنواندنی ڕۆڵی موعارەزە لەکاتی وروژاندنی هەر ماددەو بڕیارێك لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کورستاندا دەوروژێنرێت.

- لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەڵێك ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بووبوون بە پاڵەوانێك و هەرکەسە و لەلای خۆیەوە حەرەم و قودسیەتی سەرەوەی خۆی دەشکاند و بەئارەزووی خۆی لێدوانی دژە پێچەوانەی بە خیتابی یەکگرتوو بۆ ڕۆژنامە و دەزگا هەواڵیەکان بەدەستەوەدەدا، بۆنموونە سەمیر سەلیم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیە بەبێ دەستکەوتنی بەڵگەیەکی روون و دروست بەبێ ئەوەی بڵێت پێشبینی دەکەین، دەیووت : ڕێژەی کورسیەکانی ئێمە بیست کورسیەو بەم ڕێژەیەش رازی نین...!! بۆ ئەوە بەرپرسە ئاساییە قسەی لەوشێوەیە بکات چونکە بەرلە هەڵبژاردنەکانیش دەیووت : تەنها لەسلێمانی

**ئەمرۆش یەکگرتوو وەك بلّێی مافی ئافرەتی لەبەرچاوە و بەڵکو لیستەکانی تریش چاوی لێبکەن چەند ئافرەتێکی کەم ئەزموون و ناشارەزا و نا وریا رەوانەی پەرلەمان دەکات کەسوودێك بە یەکگرتوو ناگەیەنن و، لەوەرگرتنی مووچە و بودجە زیاتر هیچی تر بۆ حیزبەکەیان بەدیاری ناهێننەوە**

زیاتر لە دووسەدو پەنجا هەزار دەنگ دەهێنین..!! کەچی بەداخەوە بەهەرسێ پارێزگاکەوە نەگەیشتە ئەو ڕێژەیە..!! سەرکردایەتی یەکگرتوو و خودی سکرتێری حیزبەکە لەو جۆرە لێدوانانەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەرپرسن، چونکە ئەگەر ڕێگەی زیاتر بەو ئەندامانەی سەرکردایەتی بدرێت ئەوا کورد وتەنی مێشێك دەکەن بە گامێشێك، کە بەو هۆیەوە رووی سپی سەرکردایەتییەکە لەبەرچاوی جەماوەر لێڵ و رەش دەبێت و میسداقیەتیش لەدەست دەدات.

- بوونی لیستی گۆران، هۆکارێك بوو بۆ شکستی لیستی چوار قەوارە سیاسییەکە.. بێگومان لەرابردوودا یەکگرتووی ئیسلامی بەتەنهاخۆی بە ئۆپۆزسیۆن نیشانی جەماوەردەدا، بەلام ناکرێت پێی بووترێت ئۆپۆزسیۆن چونکە لەحکومەت بەشداربوو و لەهەمان کاتیش ئۆپۆزسیۆن بوونەکەی لەئاستی پێویستدا نەبوو، بۆنموونە لەهەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ کە لەمیانەیدا کۆمەڵێك پێگە و بنکە و بارەگای یەکگرتوو لەدەڤەری بادینان دووچاری پەلامار و هێرشەکەی سەرانی پارتی دیموکراتی بۆوە و لەمیانەی پەلامارەکاندا کە کۆمەڵێك ئەندامی چالاکی یەکگرتووی ئیسلامی خەڵتانی خوێن کران، بەو هۆیەوە تەمەننا لەیەکگرتووی ئیسلامی دەکرا کە لەدەرەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەدا وەك تۆڵەیەك لەبەرامبەر دەسەڵاتی پارتی، خەباتی میانەرەوانە و شەرمنانەی خۆی بە ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن بگۆرێت و هەمووکۆت و بەندێکی ئەو شەرمنیە و بێدەنگییە بشکێنێت، کەچی پێچەوانە دەرچوو چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەو حیزبە ئیسلامیە لەنێو پەرلەمان چوونە ژێر گوشار وبریارەکانی سەرانی پارتی و یەکێتی، و لەولایشەوە کە تاکە وەزارەتێکی وەك بازرگانیان پێ سپێردرا ئەو وەزیرە بەئاراستەو خواستی نێچیرڤان بارزانی کاری کردووە و سەرجەم لێدوانەکانی پێچەوانەی سەرکردایەتی حیزبەکەی بوو کە خۆیشی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی یە، بۆنموونە سەرکردایەتی یەکگرتوو حکومەتی هەرێم بەگەندەڵ ناودەبات و وەزیری بازرگانیش بە حکومەتێکی شەفاف و پاك ناوی دەبات و لە گەندەڵیی رایدەماڵێت...!!! کە ئەمەشیان هۆکارێك بوون بۆئەوەی چیتر جەماوەر دەنگ بەو لایەنە نەدەن و بەدوای بەدیلێکی تر بگەرێن کەئەویش بەدیلی سێیەمە کە لیستی ٥٧ ی گۆران بوو بۆیە تەنانەت زۆربەی ئەندام و دۆست و لایەنگرانی یەکگرتوو و کۆمەڵیش

وەك تووڕەبوونێـك لەبـێ دەسـەڵاتی ئەوان بەشێکیان روویان لەسـندوقەکانی دەنگدان نەکردو بەشێکیشیان دەنگیان بەلیستەکەی نەوشـیڕوان و لیسـتی ٥٨ ی ئیسلامیدا کە سـەرکردایەتی یەکگرتوو و کۆمەڵیش نکوڵی لـەو هەقیقەتـە ناکـەن و بۆیـان دەرکەوت کەدەنگی ئەنـدام و لایەنگرانیـان پـەرت و بڵاوبوون و سەریان لێشێوا.

- خاڵێکـی تری شکسـتی یەکگرتوو ئەوەبووکە ئیئتیلافی لەگەڵ دووحیزبی لاوازی وەك سۆسیالیست و ئایندەی قادرعەزیز کرد و لەومیانـەدا رێژەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسـلامیی بەهەدەر رۆیشت و کەوتە سەر حسابی ئەو دووحیزبە کە ئێستاکە بەلاوازترین قـەوارەی سیاسـی لەقەڵـەم دەدرێـن، بەهەقیقەت قادر عەزیـز کەوتووبووە لێواری فەنابـوون بەهەوڵی ئیسـلامییەکان گیانێکی هاتەوە بەرو کورسییەکیشـی مسۆگەر کرد، خۆدەبووایـە سـەرکردایەتی یەکگرتـووی ئیسـلامیی بـیری لـەوە بکردایەتیـەوە کە ئایا ئەو دووحیزبە بێ هێزە شـیاوی ئەوەن لەلیستەکەدا بەشدارییان پێ بکرێت..!!؟؟ دیـارە ئەمجارەش سـەرکردایەتی یەکگرتوو خـاوەن کۆمەڵێـك ئایدیـا و بیروبۆچـوون و رای جیـاوازن، کـە هـۆکاری سـەرەکیی ئەوەیە خودی سـەلاحەدین بەهائەدین هێز و توانـای جارانی نەماوە و ناتوانێت تاکڕەوانە بڕیاری خـۆی بدات بەدەسـتەوە و زاڵ بێت بەسەر مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتییەك کەکەسـانی دێوەزمـە و کەللەرەقی تیادایە، کە ئەمـرۆ هەموو هێز و دەسـەڵاتی جارانی خسـتۆتە بەردەم سـەرکردایەتییەکی لاوازو نائەکتیف و بەپێی پێویسـت نەیتوانیوە تاك لایەنانـە بڕیـاری کۆتایی بەدەسـتەوەبدات کەسـاڵانێك بەتەنهـا خـۆی خـاوەن بڕیاری کۆتابوو.

- بانگەشـە و وتـاری چـوار قـەوارە سیاسـیەکە لـە ئاسـتی پێویسـت دانەبوو، چونکـە هەریەك لەسـەرکردەی چوار قەوارە سیاسییەکە خوی بەوتارێکی لەرادەبەدەرلاواز و نافیعلـی و نائەکتیف گرتبـوو کە تەنانەت خۆیشـیان قەناعەتیـان بەو جـۆرە وتارانە نەبوو..!! بۆنموونە سـەلاحەدین بەهائەدین بانگەشەی بۆ سەرکەوتنی لیستەکەی دەکرد کەچـی پێچەوانـە دەرچوو، عـەلی باپیریش مەلائیکـەت ئاسـاو وەك مەلایەکـی دوانـزە عیلـم دەهاتـە گۆ و کۆمەڵێك قسـەو باسـی بەدەستەوەدەدا کەهی سەردەمی ئازادکردنی

## خاڵێکی تری شکستی یەکگرتوو ئەوەبوو کە ئیئتیلافی لەگەڵ دوو حیزبی لاوازی وەك سۆسیالیست و ئایندەی قادرعەزیز کرد و لەومیانەدا رێژەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی بەهەدەر رۆیشت و کەوتە سەر حسابی ئەو دووحیزبە کە ئێستاکە بەلاوازترین قەوارەی سیاسی لەقەڵەم دەدرێن

بـوو لەزیندانـی ئەمریکی بەڵکـو خوابکات و وەکو ئەوسـاڵەی لەزیندان دابـوو دەنگێکی بـاش بهێنێـن و دڵی بـرا موسڵمانەکانیشـی لەخۆی و حیزبەکەی رازی بکات و بەو هەموو ئایات و فەرموودەیەی کەلەدەمی دەردەچوو بێدەنگیـەك بخاتـە نـاو ئەوکەسـانەی کـە تانەو تەشەر ئاراسـتەی کۆمەڵ و یەکگرتوو دەکـەن کەبۆچی لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی ئیئتیلافیـان کـردووە و چـۆن دەگونجێـت کە موسـڵمان و مولحید بە لیسـتێك خەبات بکـەن..!؟ هەروەها هەر یەك لە قادر عەزیز و حەمـەی حاجـی مەحمـود وەك تۆڵەیـەك بەرامبـەر بە غەدرەکانـی پارتی دەهاتنە گۆ و تۆڵـەی ئەو هەمـوو غەدرەیان لەسـەرانی پارتی دەکردەوە کـە لەرابردوو بەرامبەریان کراوە وەکو هێنانی دەستەواژەی ناعەدالەتی لەزۆربەی وتارەکانیان بەدی دەکرا..!!

- ئەگەرچـی ئەمڕۆش هـەردوو حیزبە ئیسلامییەکە و عەلمانیەکە ئەو خەسارەتەی هەڵبـژاردن بـە دۆڕان ناونابـەن و حاشـا لەشکستەکەیان دەکەن و پۆزش بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنـەکان دەهێننـەوە، ئـەوا باباش بزانـن کەگەورەتریـن و خەسـارەتمەندترین لیسـت، لیسـتی ئەوان بوو، چونکە بەڵگەی خرۆقاتـەکان دادی نـەدان و نـەك هەرئەوان بەڵکـو یەکێتی و پارتیـش دۆڕاوی گەورەی هەڵبژاردنـەکان بـوون ئەگەرچـی لەرابردوو (فیفتی بە فیفتی) بوون، ئەمڕۆ (بیسـت و نۆ بە بیسـت و نۆ)ن، جەماوەر نـەك هەرلەوان تـۆراوە بەڵکـو لەوچوار حیزبـەش تۆراوە و بـەدوای بەدیل وێڵ بـوون و دواتر دۆزیانەوە کە ئەویش لیسـتی گـۆڕان بـوو، ئەگەرچی لیسـتی خزمەتگوزاری و چاکسازی خۆی بە موعـارەزە نـاوزەد دەکات ئەوابێگومان لەم سـەرو بەندەدا موعارەزەبوونیـان تاکۆتایی سەرناکێشـێت چونکـە خۆیان بانگەشـەی موعارەزە بوون دەکەن و دواتریش بەهەموو شتێك رازی دەبن کە پارتی و یەکێتی بیخەنە بەردەمیان، کە جگە لەوەش کەسانی ناپسپۆڕ و بێ هەڵوێسـت و لاواز دەنێرنـە پـەرلەمان، کەبێگومـان ئەوئەندامانەی پێشـووتر چیان کـرد ئەوانیـش هەربەوشـێوەیە دەبـن و وورتـە لەدەمیـان دەرناچێـت. بەهەقیقەت پەرلەمانتارەکانـی پێشـووتری ئـەم حیزبە لەرادەبـەدەر لاواز و کـەم ئەزمـوون بوون و سـەرەرای ئەوەش ئەمجارەیـان جارێکی تر رووی لـەم هەڵە زەقەکردو وایکرد کە کۆمەڵە کەسـانێکی نائەکتیف بنێرێتەوە پەرلەمان، کەئەمەش هۆکارێك بوو دۆسـت ولایەنگرانی ئـەو پارتـە ئیسـلامییە دەنگ بەلیسـتی تر بـدەن و تەنانەت بەشـێکی زۆریان نەچوونە دەنگدان.. سـەرانی یەکگرتـووش نکوڵی لەم

هەقیقەتــە ناکــەن و چەندین بەرپرســی نێو ســەرکردایەتی گلەیی و گازندەیان ئاراستەی قاعیــدە کردووە بــەوەی بەرۆحێکی گەرم و گورەوە نەچوونەتە دەنگدان..!!

دیارە ســەرکردایەتی یەکگرتوو لەوپەڕی غــروری و تەکەبوردابــوو بۆیە میســداقیەتی خــۆی لەلای قاعیــدە لەدەســتدا و نەیتوانی تێکــەڵ بەناخــی ئەندامانــی خــوار مەڵبەند و لقــەکان بێــت و خواســتەکانیان جێبەجێ بــکات،وەك دەڵــێن قیادە هیــچ منەتێکی بە قاعیــدە نەمــاوە و لەبەرامبەریشــدا قاعیدە جارێکی تر ئەســتەمە گوێ بەداخوازییەکانی قیــادە بــدات، وەکــو لەزۆربــەی کــۆڕ و کۆبوونەوەکانی مەڵبەنــدەکان دەبینین کە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی رووبــەڕووی رەخنــە و پــلاری ئەندامانــی خــوار خۆیــان ئەبنــەوە، کەجــاران شــتی لەوشــێوەیەرووینەدەدا و تەنانــەت ئەگــەر هەبووایە ئەوا کەســی رەخنەگر بەکەســێکی دەرچوو لەنەهج و خیتابی یەکگرتوو لەقەڵەم دەدرا، بــەڵام ئەمــڕۆ بەرپرســانی یەکگرتوو گوێ بە رەخنــە و توانج و پلار نادەن و هەر یەکــە و لەلای خۆیەوە گەیشــتۆتە پلەوپایە و نانــی خۆی، ئەگەر جــاران بەئۆتۆمبێلێکی کــراون هاتووچــۆی بارەگــای مەکتەبــی سیاســیان دەکرد ئەمــڕۆ بە مۆنیــکای جام رەش و فول مواسەفات هاتووچۆی پەرلەمان و وەزارەتێکــی پــڕاو پــڕ لەگەنــدەڵی وەك وەزارەتی بازرگانی دەکــەن کە وەزیری نێو وەزارەتەکــە بەرامبــەر بــە دەستخۆشــی و ئافەرینێکی نێچیرڤان بارزانی کاری زۆری بۆ حکومەتــی هەرێم کردو زۆریش زەحمەتی و ماندووبوونی کێشا وناوەناوەش بەپێچەوانەی حیزبەکەیــەوە حکومەتی هەرێمی لەگەندەڵی رادەماڵی..!!

ئەگەرچــی پەرلەمانتــار و وەزیرەکانــی یەکگرتــوو ئەمڕۆ خانەنشــین دەکرێن، بەڵام دواتــر بە کۆڵێــك بەرنامەی ســەقەت و کرچ و کاڵ دەگەڕێنــەوە نێــو ســەرکردایەتی و مەکتەبی سیاســی یەکگرتوو، کــە بێگومان بەهۆی جەهــل و نەزانیان ئایدیا و پرۆگرامی حیزبیش ناشیرین و لێڵ دەکەن، چونکەلەنێو وەزارەت و پەرلەماندا هیچیان بەهیچ نەکردو ئەو هیچیەیان بۆ حیزب بەدیاری دەهێننەوە و دنیایەك لەخورافات و بێ ئینسافی دەخەنە سەر شان و ملی قاعیدە کە دەنگ و متمانەی خۆیان لەرابردوو بە ئەوان بەخشی...

- چارەســەر : گرنگترین چارەســەر لەبەردەم یەکگرتوو ئەوەیە پێداچوونەوە بە خیتابی سیاســی خۆی بــکات کە گرنگترینی ئــەو پێداچوونەوەیە بریتی یــە لە : دابەزین بەلیســتێکی جیــا و پێکنەهێنانی بەرەیەکی ئیســلامیی چونکــە کۆمــەڵ ویەکگرتــوو دانووپان بەیەکەوە ناکوڵێ و لەهەمان کاتیشدا پێکهێنانــی بەرەیەکــی ئیســلامیی بە زیانی خودی یەکگرتووی ئیســلامیی دەشکێتەوە، هەروەهــا بــۆ یەکگرتــووش پێویســتە گۆڕانکاریی ریشــەیی لەسیاسەتەکانی خۆی و مەکتەبی سیاســی و ئەم ســەرکردایەتییە لاواز و پەشۆکاوەدا بکات و لەهەمان کاتیشدا کەســانی ناکامــڵ لــە ئۆرگانەکانی حیــزب لابدات و چاکســازی و پاکســازی لەخۆیەوە دەســت پێ بکات کە بریتــی یە لەگۆڕانکاری کردن لە مەکتەبی رێکخســتن و مەڵبەندەکان و کاراکردنــی رۆڵی تەنزیمی حیــزب و لادانی چەند کەســێکی لاواز لەمەکتەبی سیاســی و سەرکردایەتی کە بەئارەزووی خۆیان بوونەتە دەمراســتی حیزبەکــە و لێدوانــی ســەقەت بەدەســتەوە دەدەن وەکــو چەندین لێدوانی پێچەوانەمــان بینــی کەبەرلەهەڵبژاردنەکان بــۆ راگەیاندنــەکان دەیانخســتە روو، هەروەهاســەرکردایەتی یەکگرتــوو دەبێــت دەرك بەو راستیەش بکات کەهۆکاری یەکەمە لەســاردبوونەوەی ســەرجەم پێکهاتەکانــی حیزب لەرێکخســتن تاوەکــو راگەیاندن.. بۆ چەنــد مانگــی ئاینــدەش چاوەڕێــی دوایین هەڵوێســتی یەکگرتووی ئیســلامی دەبین کە گەورەترین ئەزمــوون لەبەردەمیاندا کەڵەکە دەبێــت کەئەویــش هەڵبژاردنــی پەرلەمانی عێراقــە.. ئەمجارەیــان چــاوەڕێ دەکرێــت کــە یەکگرتــوو بتوانێت بەهــۆی گۆڕانکاریی لەنەخشــە و پلان و خیتابی سیاسیی خۆیدا بکات کەئەمەشــیان بەراوێژ لەگەڵ ئەندامانی خوارخــۆی واتــە پەیوەنــدی پتــەو لەنێوان قیادە و قاعیدە هەبێت کە ســاڵانێکە بەهۆی فــراوان بوونــی حیــزب ئــەم پەیوەندییەی پشــتگوێ خســتووە و بــۆ هەر پێشــهات و بۆنەیــەك کاری راوێژکــردن و پــرس کــردن تەنهــا بەدەســت ســەلاحەدین بەهائەدین و ســەرکردایەتیەوەیە و قاعیــدەش تەنهــا بۆ جێبەجێکردن بەکاردەهێنرێت، بەڵکوبەهۆی راوێــژی نێوان قیادە و قاعیــدەی یەکگرتوو لەهەڵبژاردنەکانــی عێراق ئەنجامێکی باشــتر لەم هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێت کە بێگومان سەرجەم پێشبینیەکانی ســەرکردایەتی یەکگرتــوو لەهەڵبژاردنــی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەپێچەوانەوە دەرچووو ئێستاش ئامادەنــین پۆزش بۆ خیتابــە ئیفلیجەکەیان بهێننەوە و تەنها بەرەخنەگرتن کە ئاراستەی کۆمســیۆنی بــاڵای هەڵبژاردنەکانــی دەکەن دڵیان ئــاو دەخواتــەوە، ئەگەرچی خروقات و تەزویریش رووی دا بــەڵام بــەو مانایەش نایــەت کە یەکگرتــووی ئیســلامیی و پارتە بەشــداربووەکانی لیســتی خزمەتگــوزاری و چاکســازی یانــزە تادوانــزە کورســیان بەهەدەر لەکیس چووبێت، دوای ئەو شکستە گەورەیەش پێویست بەشــەرە قسەی نێوان مەولــود باوەمراد و محەممــەد حەکیم ناکات کە هەرکەســە و لەلای خۆیەوە ئەو شکســتە بەهــی خۆی نازانێت و وەك محەممەد حەکیم دەڵێت پێویســت نــاکات یەکگرتوودەســتی چــەوری بەئێمە بســڕێت چونکــە ئەندامانی یەکگرتوو دەنگیان بە لیســتی گــۆڕان داوە و باوەمرادیــش لەوبڕوایەدایــە کەئەندامانــی کۆمــەڵ دەنگیــان داوەتــە لیســتی ٥٨ ی بزوتنەوەی ئیسلامیی... پێویستە لەبری ئەو تۆمەتبارکردنەی یەکــتری پێداچوونەوەیەك بــە نەهــج و خیتاب و ئــەدای حیزبیان بکەن چونکە ئەنجامەکان راگەیەنرا و پشــکی شێر بــەر لیســتەکە نەکەوت و دەبێــت باجی ئەو دۆرانــە مێژوییە بدەن و داوای لێبووردنێکی زۆریــش لە قاعیدەی خۆیان بکەن بەتایبەتی تــر یەکگرتــووی ئیســلامیی کوردســتان کە خەریکە تەواوی میســداقیەتی خۆی لەلایەن ئەندامانیەوە لەدەست دەدات.